# عاشقه بچكۆلانەكەی دڵم

كەژاڵ ئیبراهیم خدر

١

ئێوارەیەک نیگای خۆشەویستیت
بەسەر نەرمە بارانی دڵمدا
پەخش كردوو
هەنگاوەكانت وەک فرمێسكی رێبوارێكی ماندوو
كردە دیاری دڵمء،
پەنجەرەیەكت لە روناكی بەخشیە
ساباتی هەستم.

٢

كەنائومێدبووم لەوەرزی دابڕان
پەڕەی دڵم ژاكاو
هەناسەم غوربەتی رۆژگاری
لێ دەتكا.

٣

كەنائومێدی پەرچەمی دڵمی داپۆشی
گوڵی بەهارشەرمی لەشەتڵی
وەرینی گەڵا دەكردوو
چاوەكانت بوونە پەیكەرو بەمنت بەخشی.

٤

كەنائومێدی رووی تێكردم
سینەت بووە بەفری رۆحم
خەونی چركەیەكی پڕ لەنەغمەو
بەتاڵەكانی قژت، دات پۆشیم
چرپەی لێوت بۆنی گوڵی
سێوی گرتوو، سەوزی چاوەكانت
بوونە تیشكی هەستمء
گزنگی شەونمی باراند؟

## ٥

کەنائومێدبووم
رووخسارمت گوڵاو پژێن کرد
تاکوو ئاوێزانی یەکتربببین
کەهەستم کرد خۆشت دەوێم
بەدرێژایی شەوبوویتە ئەستێرەو
تۆ لەناو سنگمدا دەخەوتی
کە خەم وەکوو تەرزە باری
تۆ پێکەنیت کرد بەسەما
چاوم بووە ئاسمانی رێت
دەی عاشقە بچکۆلانەکەی دڵم
بەختەوەری بکە، پەنجەرەی روناکی
لەناو باوەشما تێر بخەوە
تا سەرخەوێکی ئەبەدی
بیرلەگزنگی سپێدەیەکی
وەنەوشەیی بکەوە،
بیرلە پرچی تێکەڵاوی عاشق بکەوە
تاکوو ببنە پەرژینی مەوسمێکی تر
ئای عاشقی بچکۆلانەکەی دڵم
چەندە خۆشم دەوێی.